# شیکردنەوەی وەسفیی گوتاری سیاسیی کوردی
# "گوتاری ڕیفراندۆم بە نمونە"

**ID No. 231**

(PP 239 - 251)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.4.15

**سروە فیصل عزیز**
بەشی کوردی- فاکەڵتی ئاداب/ زانکۆی سۆران
Srwa.faisal@gmail.com

**دیار علی کمال**
سکولی زمانە بیانییەکان، زانکۆی پەکین
darya80s@gmail.com

**وەگـــــــرتن : 2022/03/13**
**پەسندکردن : 2022/05/16**
**بڵاوکردنەوە : 2022/09/05**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی وەسفیی گوتاری سیاسیی کوردی؛ گوتاری ڕیفراندۆم بە نمونە) یە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەیەکی وەسفیی گوتاری ڕیفراندۆم. ئەم شیکردنەوەیە، یەکێکە لە ئاستەکانی ڕێبازی گوتارشیکاری ڕەخنەیی بۆ شیکردنەوەی گوتار. لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری سیاسی وەرگیراوە، چونکە گوتاری سیاسی لەم جۆرە گوتارانەیە، کە ململانێی دەسەڵات و کۆمەڵگەی بە زەقی تێدا دیارە، ئەمەش ئامانجی گوتار شیکاریی ڕەخنەییە. لەم توێژینەوەیەدا بە تیشکخستنە سەر پرسیارە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی وەسفی، کە فێرکلەف وەک ستراتیژیەتی شیکردنەوەی وەسفیی گوتاری داناوە، هەوڵدراوە گوتاری ڕیفراندۆم وەسفییانە شیبکرێتەوە. دواجاریش ئەمە دەتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ شیکردنەوە لە ئاستەکانی تریشدا، کە لەم توێژینەوەیەدا باس نەکراوە. ئەم توێژینەوەیە، گوتار وەکو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی پێناسەدەکا و بە پشتبەستن بە میتۆد و بۆچونەکانی فێرکڵەف چوارچێوە تیۆرییەکە دادەڕێژێ.

**وشە کلیلییەکان:** گوتار، گوتارشیکاری ڕەخنەیی، شیکردنەوەی وەسفی، ڕیفراندۆم، گوتاری سیاسی.

## 1 - پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانەکەیدا دیارە، شیکردنەوەی وەسفی گوتاری سیاسییە و تێیدا گوتاری ڕیفراندۆم وەرگیراوە. لە هەوڵی ئەوەدایە بە شیکردنەوەی وەسفی، کە یەکێکە لە بناغەکانی گوتارشیکاری ڕەخنەیی، سەرنج بخاتە سەر گوتاری ڕیفراندۆم و بەپێی ئەو پرسیارانەی، کە فێرکلەفNorman Fairclough (1941- ) وەک ستراتیژیەتی شیکردنەوەی گوتار دەستنیشانیکردون، لایەنە جیاوازەکانی بخاتەڕو. ئەمەش لە خودی خۆیدا سەرەتا و بنەمایەکە بۆ ئاستەکانی تری شیکردنەوە. گوتارشیکاری ڕەخنەیی میتۆدێکی شیکردنەوەی گوتارە، لە پەیوەندی نێوان گوتار و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکا، بە سەرنجدان لەوەی کە ڕەهەندێکی نێوان پسپۆڕی هەیە، خاوەنی سەرنجراکێشی و شوێن و پێگەیەکی گرنگە، چونکە زیاتر گرنگی بەو بابەتانە دەدا، کە کێشەن لەناو کۆمەڵگادا و پەیوەندییان بە ململانێ و دەسەڵاتەوە هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە بە مێتۆدێکی وەسفیی شیکاری، تایبەتمەندییەکانی گوتاری ڕیفراندۆم لە ئاستی شیکردنەوەی وەسفیدا بخرێنەڕو. گوتاری ڕیفراندۆم هەمو ئەدایەکی زمانی دەگرێتەوە، کە لەسەر بابەتی دەنگدان بە سەربەخۆیی کوردستان، لایەنی نێرەری گوتارەکە بە ئەنجامی گەیاندوە. بەڵام بە مەبەستی سنوردارکردنی سنوری توێژینەوەکە، لەناو هەمو ئەو چالاکییانەی کە گوتاری ڕیفراندۆم دەیانگرێتەخۆ وەک: گفتوگۆی میدیایی، ڕۆژنامە، هەواڵەکان، لێدوان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان، دیمانە، پەیام و وتارەکان، تەنیا ئەو وتارانە بۆ شیکرنەوە دەستنیشانکراون، کە ڕاستەواخۆ لە بەرامبەر جەماوەردا پێشکەشکراون. ئەوانیش حەوت وتارن و لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، سۆران، ئامێدی و ئاکرێ لەژێر ناونیشانی کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی بۆ پاڵپشتیکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم، پێشکەشکراون. هەڵبژاردنی ئەو وتارانەش مەبەستدار بوە؛ لەلایەک بۆ سنوردارکردنی فراوانیی چالاکییەکان، لەلایەکی دیکەش بە هۆی ئەو بۆچونەی، کە گوتاری زارەکی و ڕاستەوخۆ، کۆمەڵێک تەکنیک و ستراتیژیەتی تێدەکەوێ بۆ کاریگەری خستنەسەر بەرامبەر، کە ڕەنگە لە شێوازەکانی دیکەدا بەرچاونەکەون.

لە ڕوی تیۆرییەوە پشت بە ڕایەکانی نۆرمان فێرکلەف بەستراوە. سەرەتا هەوڵدراوە گوتار پێناسە بکرێ، دواتر هاوکات بە خستنەڕوی ڕەگەزەکانی شیکردنەوەی وەسفی، تایبەتمەندییەکانی گوتاری ڕیفراندۆم پۆلێنبەندی کراون و خراونەتەڕو. لێرەدا پێویستە ئەوەش ڕونبکرێتەوە، کە شیکردنەوەی وەسفی یەکێکە لە ئاستەکانی گوتارشیکاری ڕەخنەیی، بەڵام لێرەدا چونکە ناوەندی سەرنج لەسەر شیکردنەوەی وەسفییە، بۆیە باسی ئاستەکانی تری گوتارشیکاری ڕەخنەیی ناکەین، تەنیا پێویستە ئەوە بگوترێ، کە گوتار شیکاریی ڕەخنەیی، ئامانجی تەنیا وەسفکردنی چۆنیەتی کارکردنی زمان نییە، هەروەها پێشکەشکردنی لێکدانەوەی قوڵیش نییە، بەڵکو دەیەوێ بدوێ لەبارەی، یان بچێتە ناو مەسەلە و کێشە و ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە هەمو جیهاندا (Gee, J. P.: 2013: 9)، شیکەرەوانی گوتار شیکاری ڕەخنەیی، دەیانەوێ پەیوەندی و کارکردنی زمان لە مەسەلەکانی ناو کۆمەڵگادا ئاشکرا بکەن؛ ڕێبازی ڕەخنەگرانە کار لەسەر زمان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکا و پەردە لەسەر دەسەڵات و هەژمونی زمان لەناو کۆمەڵگادا لادەدا.

**2 - گوتار**

ئەم توێژینەوەیە، گوتار وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ و دەیناسێنێ. گوتار وەک چالاکی کۆمەڵایەتی، تێگەیشتنێکی جیاواز و هێڵی جیاکەرەوە بو، لە نێوان ئەو بۆچونانەی لەماوەی پەنجا تا شەستەکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لەبارەی گوتارەوە گەڵاڵە ببون، هەروەها دەروازەیەکی فراوان و نوێ بو بۆ کۆمەڵێک تێڕوانین و بۆچونی نوێ، کە ئاڕاستەی هزر و توێژینەوەکانی لەبارەی زمان و پەیوەندیی لەگەڵ گوتاردا، گۆڕی.

فۆکۆ Paul-Michel Foucault (1926-1984) پێیوایە، گوتار چالاکییەکە لەبارەی ئەو بابەتانەوە، کە لێی دەدوێین. ئەمەش کۆمەڵەی واتاکان، خواستنەکان، نیشاندانەکان، وێنەکان، چیرۆک و هەواڵەکانیش دەگرێتەوە(جمعان بن عبدالكريم:2016 : 108). ئەم ڕوانگەیەی فۆکۆ بە ڕادەیەك مەودای پێناسە و تێگەیشتن لەگوتاری فراوان کردوە، کە دەتوانین کۆی پسپۆڕی و زانستەکانی تێدا ببینینەوە. بۆچونەکانی فۆکۆ کاریگەری لەسەر فراوان بونی بواری گوتار بۆ پەڕینەوەی بۆ ناو زانستەکانی تر هەبو.

یەکێکی دیکە لەو بۆچونانەی کە لە ڕاستیدا بناغەکەی بۆ تێڕوانینی فۆکۆ دەگەڕێتەوە و گوتار لە دەرەوەی سیستەمی زمانی پێناسە دەکا، نۆرمان فێرکلەفە. فێرکلەفیش وەك فۆکۆ، ڕوانینی بۆ گوتار ڕوانینێکی فراوانە و بە توندی پەیوەستی دەکا بە کایە دەرەکییەکانی زمانەوە. فێرکلەف باوەڕی وایە، باسکردن لە گوتار، بریتی نییە لە باسکردن لە خودی زمان، بەڵکو گوتار بریتییە لە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان کە پەیوەستە بە دەرەوەی خۆیەوە. هەربۆیە پێناسەی گوتار دەکا و دەڵێ: زاراوای گوتار ئاماژەیە بۆ ڕوانگەیەکی دیاریکراو بۆ زمان، لە بەکارهێنانی وەک ڕەگەزێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندییەکی بەتین بە ڕەگەزەکانی تری دەبەستێتەوە(نورمان فاركلوف:2009: 22-23).

زۆربەی ئەو پێناسانەی لە دوای کتێبەکانی فۆکۆوە بڵاوبونەوە، لە چوارچێوەیەک کۆدەکرێنەوە، کە پێیانوایە گوتار چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، ڕێگە بە پەڕاندنەوەی هزر و مەعریفەت بۆ ناو کۆمەڵگە دەدا. ئەمە ئەو تێگەیشتنەیە بۆ گوتار، کە لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر دەکرێ و دەکرێتە بناغەی شیکردنەوەی وەسفیی گوتاری سیاسی.

**3 - شیکردنەوەی گوتار:**

شیکردنەوەی گوتار، توێژینەوەی زمانییە و گوتار وەک یەکەی توێژینەوە وەردەگرێ. دەستنیشانکردنی مێژویەکی دیاریکراوی شیکردنەوەی گوتار کارێکی زەحمەتە، چونکە ناکرێ پێمانوابێ لە یەک کاری دامەزراوەییەوە سەریهەڵداوە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێک ڕەوتی نوێیە لە یەک کاتدا و نوێکردنەوەی بەکارهێنانی زۆر کۆنی توێژینەوەی دەقەکانە (باتريك شارودو، دومينيك منغنو: 2008: 44)، بۆ نمونە ڕەوانبێژی، هێرمۆنیتیکا ، کە زۆر پێشتر کاریان لەسەر لێکدانەوەی دەقەکان کردوە.


کۆمەڵێک ڕێباز هەن بۆ شیکردنەوەی گوتار، هەندێکیان تەنیا سەیری ناوەڕۆکی ئەو زمانە دەکەن، کە بەکارهاتوە، یان ئەو بابەتانەی لە ئاخاوتنێک یان لە ناونیشانی ڕۆژنامەیەک گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، هەندێک ڕێبازی تر زیاتر سەرنج دەخەنە سەر ڕۆنانی زمان، بۆ نمونە ئەو ڕۆنانە چۆن کاردەکا بۆ ئەوەی لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا واتا ببەخشێ. ئەو ڕێبازانە ڕەگیان لەناو زمانەوانیدا داکوتاوە، ئەو ڕێبازە زمانەوانییانە، بۆ شیکردنەوەی گوتار، تیۆری ڕێزمانیی جیاواز بەکاردەهێنن و گۆشەنیگای جیاواز لەبارەی چۆنیەتی قسەکردن لەسەر واتا، وەردەگرن (Gee, J. P.: 2013: 8) ئامانجی ئەم ڕێبازانە بریتین، لە وەسفکردنی چۆنیەتی کارکردنی زمان بۆ ئەوەی لێی تێبگەین.

ڕێبازێکی تری شیکردنەوەی گوتار پێی دەگوترێ ڕەخنەگرانە، وەک گوتار شیکاریی ڕەخنەیی، کە جیاوازتر وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، ئامانجی ئەو ڕێبازە تەنیا وەسفکردنی چۆنیەتی کارکردنی زمان نییە، تەنانەت پێشکەشکردنی لێکدانەوەی قوڵیش نییە،

شیکەرەوەی ئەو ڕێبازە دەیانەوێ بدوێن، یان بچنە ناو مەسەلە، کێشە و ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە هەمو جیهاندا (Gee, J. P.: 2013: 9)، دەیانەوێ پەیوەندی و کارکردنی زمان لەناو کێشەکانی ناو کۆمەڵگەدا ئاشکرا بکەن، ڕێبازی ڕەخنەگرانە کار لەسەر زمان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکا، پەردە لەسەر دەسەڵات و هەژمونی زمان لەناو کۆمەڵگەدا لادەدا.

**4 - چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە**

ئەو چوارچێوە تیۆرییەی فێرکلەف دایمەزراندوە بۆ گوتار شیکاریی ڕەخنەیی، لەسەر سێ تەوەر بەندە، ئەم دابەشکارییە بە دابەشکارییەکەی هالیدای بۆ سێ ئەرکە سەرەکییەکەی زمان، کاریگەرە. بە ڕای فێرکلەف گوتار سێ ڕەهەندی هەیە، کە بریتین لە دەق، کارلێککردن و دەوروبەر. لەم ڕێبازەدا بۆ شیکردنەوەی هەر کردەیەکی پەیوەندیکردن، سێ تەوەری شیکاری بە پێی سێ ڕەهەندەکەی گوتار هەن، کە بریتین لە وەسفی دەق، لێکدانەوەی کردەی گوتاری و لێکدانەوەی کردەی کۆمەڵایەتی




هێلکاری-١- گوتار وەک دەق و کارلێک و دەوروبەر ( نورمان فیرکلف: 2016: 46)

**5 - میتۆدۆلۆژی:**

**5-1- هەڵبژاردنی داتا:**

هەڵبژاردنی گوتاری سیاسی وەک بوارێک بۆ شیکردنەوە بە مەبەست بوە، چونکە باشترین دەرکەوتەی زمان و کاریگەری و پەیوەندییەکانی، لەم جۆرە گوتارانەیە کە ململانێی دەسەڵات و کۆمەڵگەی بە زەقی تێدا دیارە. گوتاری سیاسی ڕازیکردنی بەرامبەرە بۆ فراوانکردنی هەژمون و دەسەڵاتی چینێکی دیاریکراو.

لە ناو بابەتەکانی گوتاری سیاسیدا، گوتاری ڕیفراندۆم وەک داتای شیکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە. ڕیفراندۆم گونجاوترین کێشەیە، وەک گوتارێک، کە گوتار شیکاریی ڕەخنەیی بیەوێ چارەسەری بکا، چونکە گوتار شیکاریی ڕەخنەیی هەوڵدەدا ئەو پەیوەندییە شاراوانەی لە ململانێی نێوان گوتار، دەسەڵات و کۆمەڵگا دروست دەبن، ئاشکرا بکا. هەروەها کار لەسەر ئەو کێشانە دەکا، کە پەیوەندییان بە چینی دەرەوەی دەسەڵات هەیە. ڕیفراندۆمیش کێشەیەکی سەرەکی گەلی کوردە، نەک کێشەی دەسەڵاتداران. کێشەی سەربەخۆیی گەلی کورد، کێشەیەکە توێژەر وەک بەشێک لەو چینەی کۆمەڵگا، دەتوانێ ڕەخنەی لێبگرێ و گوتارەکە شیبکاتەوە.

لەناو هەمو ئەو چالاکییانەی، کە گوتاری ڕیفراندۆم دەیانگرێتەخۆ، وەک: گفتوگۆی میدیایی، ڕۆژنامە، هەواڵەکان، لێدوان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان، دیمانە، پەیام و وتارەکان، تەنیا ئەو وتارانە بۆ شیکرنەوە دەستنیشانکراون، کە ڕاستەواخۆ لە بەرامبەر جەماوەر پێشکەشکراون. ئەوانیش حەوت وتارن و لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، سۆران، ئامێدی و ئاکرێ لەژێر ناونیشانی کەرنەڤاڵی سەربەخۆیی بۆ پاڵپشتیکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم، پێشکەشکراون. هەڵبژاردنی ئەو وتارانەش مەبەستدار بوە؛ لەلایەک بۆ سنوردارکردنی فراوانیی چالاکییەکان، لەلایەکی دیکەش بە هۆی ئەو بۆچونەی، کە گوتاری زارەکی و ڕاستەوخۆ، کۆمەڵێک تەکنیک و ستراتیژیەتی تێدەکەوێ بۆ کاریگەری خستنەسەر بەرامبەر، کە ڕەنگە لە شێوازەکانی دیکەدا بەرچاونەکەون.

بۆ شیکردنەوەیەکی وەسفیی گوتاری سیاسی، ڕێبازەکەی فێرکلەف 1989وەرگیراوە، چونکە هەروەک فێرکلەف ئاماژەی پێکردوە، ئامانجی ڕێبازەکەی هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی سەبارەت بە زمان و دەسەڵات.

**2-5- شیکردنەوەی داتا:**

لەناو ئەم سێ ئاستەی فێرکلەف بۆ شیکردنەوەی گوتار دەستنیشانیکردوە، ئەم توێژینەوەیە تەنیا ئاستی یەکەم دەگرێتەوە، کە شیکردنەوەی وەسفیی دەقە. بەپێی ئەو ستراتیژیەتەی فێرکلەف بۆ شیکردنەوەی گوتار دەستنیشانی کردوە، ئەم ئاستە تەنیا گرنگی بە شیکردنەوەی تایبەتمەندیە فۆرمییەکانی دەق دەدا، کە لەسەر ئاستی وشە، ڕستە و دەقدا و بەپێی بەها ئەزمونی، پەیوەندداری و گوزارەییەکان دەستنیشانکراون. فێرکلەف پێیوایە ڕەهەندەکانی ناوەرۆک، پەیوەندییەکان و ناسنامەکانی خاوەنی بەهای ئەزمون، پەیوەندداری و گوزارەیین . بۆ پرسیارەکانی شیکردنەوە سود لە تیۆرەکەی فێرکلەف 1989 وەرگیراوە، وەکو ئامرازەکانی گوتارشیکاریی ڕەخنەیی دەستنیشانی کردون و شیکەرەوەی گوتاری سەرپشک کردوە لە هەڵبژاردنیان بە پێی ئامانج و مەبەستی شیکردنەوەکەی. لە هەرسێ ئاستی وشە و ڕستەو ڕۆنانی دەقدا، لەڕێگای کۆمەڵێک پرسیاری تایبەتی هەڵبژێردراو، کە بەشێکیان ئاڕاستەی فۆڕمە زمانییەکان کراوە و بەشێکیان ئاڕاستەی واتاکان کراوە، بە پیی بابەت و پرسیاری شیکردنەوە و بەستنەوەیان بە بەهای ئەزمونی و بەهای پەیوەندی و بەهای دەربڕین، شیکەرەوەی گوتار شیکردنەوەیەکی وەسفییان بکا.

**6- وەسفکردن لەسەر ئاستی وشە**

**6-1- بەهای ئەزمونی**

دەستنیشانکردنی دەربڕینی گونجاو بۆ هەر دەقێک یەکێکە لەو هەڵبژاردنانەی کە ئاخێوەر بەشێکی گرنگی هێزو توانای خۆی بۆ دابیندەکا، بەتایبەت لە گوتاری سیاسیدا، بەرپرسیارییەتی هەڵبژاردنی دەربڕینی گونجاو بۆ وەرگر، شوێن، کات و هەڵومەرجی دیاریکراو، کارێکی گرنگە لە ڕۆنانی گوتارەکە، دەتوانێ گوتارەکە بەرەو ئاڕاستەی جیاواز ببا.

**6-1-1- ناونان:**

ناونانی کەسەکان، ناسنامە و ڕوداوەکان و وەسفکردنیان خاوەن بەهای ئەزمونین، ئاخێوەر سەرپشکە لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی گونجاو لە گەڵ جیهانبینی، بۆ ئاماژەکردن بە کەسەکان، یان ڕۆڵپێدانیان، یان چۆن وەسفی ڕوداوەکان دەکا و تایبەتمەندییان دەکا..

بۆ نمونە لە بەرامبەر جەماوەری زاخۆدا، مەسعود بارزانی دەڵێ:

<u>بڕیارا ڕیفراندۆمێ بڕیارا نە یەک شەخسە، نە یەک حزبە و نە چەند حزبەکە، بڕیارا گەلێ کوردستانێیە وە لایەنێت سیاسێ کوردستانێ ڕۆژا حەفتێ حوزەیرانێ زۆر مەردانە بڕیارا خۆ دا، ...</u>

لێرەدا دەردەکەوێ، چۆن ئاخێوەر، **گەلی کوردستان**، وەک ئاماژەیەک، دەکاتە بڕیاردەری ڕیفراندۆم، لەبری ناوهێنانی سەرۆک و وەزیر و حزبە بڕیاردەرەکان، هەڵبژاردنی ئەو جۆرە دەستەواژەیە، هێزێکی زیاتر دەداتە شەرعیەتبونی ئەو داواکاری و بڕیارە، چونکە لە ڕوی واتاییەوەش گەل گەورەترە لە تاک، دواجار بڕیاری گەلی کوردستان زۆر گەورەتر و بەهێزتر دەردەکەوێ لە بڕیاری هەرچی حزبی نەتەوەیی و نیشتیمانییە.

ئاخێوەر لە کۆی ئەو وتارانەی سەبارەت بە بانگەشەی ڕیفراندۆم پێشکەشیکردوە، کۆمەڵێک وشەی وەک ئاماژە بۆ بڕیاردەری ڕیفراندۆم بەکارهێناوە وەک:

**گەلی کوردستان، ئێمە، ئێوە، میللەتی کورد، میللەتەکەمان، هەمو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستان، هاوڵاتیانی کوردستان و گەلێ کوردستانێ.**

وشەی گەلی کوردستان، لەنێو هەڵبژاردنەکاندا، زۆرترین جار دوبارە بوەتەوە، لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی دەربڕینی هەمو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستان گشتگیرە، بە شێوەیەک کە هیچ کەسێک لە کوردستان نەمێنێ، خۆی لە دەرەوەی بازنەی بڕیار و داوای ڕیفراندۆم ببینێتەوە.

یان بۆ نمونە لە شاری ئامێدیدا دەڵێ:

<u>...ئەمما پشتی ماوەکێ کێم بومە دەرکەفت کو هەمان فەرهەنگ و هەمان عەقلیەتە...</u>

هەرچەندە ئاخێوەر هەوڵدەدا، ئەو دژایەتییە، لەڕێگای دەربڕینەکانی وەکو فەرهەنگ، عەقڵیەت، دەوڵەتا عێراق، بەغدا، ئەوان و پەرلەمانی عێراق، بگشتێنی بەسەر ئەو لایەنەدا، بەڵام هێشتا لە زۆر بەشی گوتارەکانیدا هەندێ لایەن جیا دەکاتەوە، وەکو **زۆرینەی سیاسی، هەندێ زماندرێژ، گروپێکی شۆڤینی و مەجموعەیەکا شۆڤێنیان.**

ئێرەر لە کۆی ئەو وتارانەی بۆ بانگەشەی ڕیفراندۆم پێشکەشیکردون، کۆمەڵێک ناو و وەسف بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆم، بەکاردێنێ وەک:

**بڕیارەکا مێژویی ، ماڵ جیاکردنەوە، ماف، بڕیاردانی چارەنوس**

بۆ جەماوەر، ڕیفراندۆم جگە لەو واتایانەی کە نێرەر پێشکەشی کردون، هیچ واتایەکی دیکە هەڵناگرێ کە بەهاکەی کەمتر بێ لە سەربەخۆبون، بەڵام کاتێک ئاڕاستەی قسەکان بۆ عێراقە وشەی جیاوازتر بەکارهاتون لەبەرامبەر سەربەخۆییدا، وەک لە وتارەکەی شاری ئاکرێدا هاتوە:

مە دڤێ بخوشی، برایەتی و تەفاهوم تێکبگەین، بگەینە ئیتیفاقێ و هە برایێت یەکیش بین، جیرانێت باش بین. دو براش وەختێ پێکنەکەن دی مالێ خۆ جوداکەن.

ماڵ جیاکردنەوە، لە دەرەوەی ئەو کۆنتێکستە سیما واتاییەکانی زۆر جیاوازترە لە سەربەخۆبونی وڵات و جیابونەوە لە وڵاتێکی فیدڕاڵ ، بۆیە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە وەک ئیدیەمێک بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم مەبەستدارە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی خراپی ئەو پرۆسەیە بەسەر بەرامبەرو، لێکەوتەی جیاواز هەڵدەگرێ.

**6-1-2- پۆلێنکردن:**

نێرەری گوتاری ڕیفراندۆم توانیویەتی دەقەکانی لە نێو سیستەمێکی تایبەت و سەرنجڕاکێش، پۆلێن بکا، بۆ نیشاندان و خستنەڕوی واقیع، بە پێی نواندنێکی ئایدیۆلۆژی تایبەت بۆ ئەو واقیعە و هەڵبژاردنی دەستەواژەکانیشی لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ. بۆ نمونە ناونیشانی بەرەو سەربەخۆیی، دروستکردنی دەوڵەت یان ئازادی سیستەمێکە، ڕەتکردنەوەی هەر دەقێکی دیکە لە ریزی ئەواندا، بۆ گەل زەحمەتە.

ناسنامەکانی ناو گوتاری نێرەر، لە بانگەشەی ڕیفراندۆمدا، بۆ چەند لایەن وبەرەیەک پۆلێنکراون. ئەم پۆلێنکردنە جیا لە نیشاندانی واقیعی ئەم جیاکارییە، واتاو بەهایەکی بارکراو لە ئەزمون و ئایدیۆلۆژیای نێرەر دەخاتەڕو.

لە کۆی ئەو وتارانەی پێشکەشکراون ناسنامەی کەسەکان بۆ سێ کۆمەڵە، پۆلێنکراون

| کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دوەم | کۆمەڵەی سێیەم |
|---|---|---|
| – **من (مسعود بارزانی)** | – **ئەوان** | – **خەڵکی** |
| – **خوشک و برایانی خۆشەویست** | – **بەغدا** | – **دۆستانی ئێمە** |
| – **گەلی کوردستان** | – **پەرلەمانی عێراق** | – **کەسانی دیکە** |
| – **هەمو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان** | – **زۆرینەی سیاسی** | – **گەلانی تری جیهان** |
| – **ئێمە ( ئاخێوەر و جەماوەر)** | – **زماندرێژ** | – **شاندی هاوپەیمانان** |
| – **میللەتی کورد** | – **دەولەتا عێراق** | |
| – **هاوڵاتیانی کوردستان** | – **رژێما بەعسێ** | |
| – **میللەتەکەمان** | – **هەڤپەیمانێت مە** | |
| | – **هنگۆ** | |
| | – **برایێن عەرەب** | |
| | – **مەجموعەیەکا شۆفینیان** | |
| | – **دراوسێ** | |

**6-1-3- دوبارەبونەوەو درێژدادڕی:**

نێرەر لەو وتارانەی بۆ بانگەشەی ڕیفراندۆم پێشکەشی کردون، بەهۆی تایبەتیی بابەتی وتارەکان ئاسایی دەردەکەوێ، ئەگەر هەندێک وشە و زاراوە زۆرترین جار بەرگوێی وەرگر بکەوێ، سەرەڕای ئاسایی بونەکەی، لێکەوتەی ئەو دوبارەبونەوانە گرنگن و، هەندێکجار نێرەر خۆی بە پێی گرنگی ئەو بابەتانە لەلای درێژدادڕیان تێدا دەکا و هەندێک جاریش نائاگایانە، بێ ئەوەی مەبەستی بێ، ئەو بابەتەی لەژێر دەست دەردەچێ.

ئەو وشانەی دوبارە دەبنەوە واقیعی ململانێیەکان دەردەخەن، بۆ نمونە لە وتارەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆمدا، زۆترین ئەو وشانەی بە ڕێژەی جیاواز و بە دەرکەوتی جیاواز دەکەونە بەرگوێی وەرگر بریتین لە: **گەلی کوردستان، عێراق، بەغدا، سەربەخۆیی، دەستور، ڕیفراندۆم، شەراکەت، دیموکراتی، فیدڕالی، پێشمەرگە.**

ئاشکرایە ڕیفراندۆم بابەتی سەرەکی و مەبەستداری ئێرەری گوتارە، بۆیە زۆرترین جار (60 جار ) دوبارەبوەتەوە، لە دوای ئەوە، گەلی کوردستان ( خەڵکی کوردستان) بە پلەی دوەم دێت کە ( 49 جار) دوبارەبوەتەوە، هەروەها عێراق و بەغدا کە کۆمەڵەیەکی گرنگی پۆلێنی ناسنەماکانیان داگیرکردوە، هەریەکەیان ( 40 جار) ناویان هاتوە، لە دوای ئەمانەش، هەریەکە لە شەراکەت و سەربەخۆیی، کە کێشە و هۆکاری ململانێیەکانن (22 جار) و (25 جار) دوبارەبونەتەوە.

**6-1-4- پەیوەندییە واتاییەکان**

لە نێو پەیوەندییە واتاییەکاندا پەیوەندی هاوواتایی نێوان دەستەواژەکان، کە بنەمای هاوواتابونەکەی لە دەقەوە سەرچاوەی گرتوە، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دەرخستنی ئایدیۆلۆژیاکان، چونکە بە پێی بۆچونی فێرکلەف مەرج نییە وشە هاوواتاکان بەرهەمی ململانێی ئایدیۆلۆژیاکان بن کە لە نێو دەقەکاندا شاراوەن، بەڵکو زۆرجار پەیوەندییە واتاییەکانی وەکو هاوواتایی دەکرێ ڕۆڵێکی داهێنەرانە ببینن لە بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیاکاندا(نورمان فیرکلف: 2016: 160). بۆ نمونە، هەرچەندە وشەی ڕیفراندۆم وەک زاراوەیەکی سیاسی تەکنیکێکە لە تەکنیکەکانی بڕیاردان لەسەر مەسەلەیەک، بەڵام لەم وتارانەدا واتا سەرەکییەکەی لەدەستداوە و لە زەینی وەرگردا، واتای سەربەخۆیی لێبارکراوە.

پەیوەندی هاوواتایی لە نێوان وشەکاندا، بە پێی ئەو کۆنتێکستەی تێیدا بەکارهاتون ، بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆژی نیشاندراون و بە هەمان مەبەست بەکارهاتون، بۆ نمونە: **سەربەخۆیی، ڕیفراندۆم، جیابونەوە، ماڵکردن، دراوسێبون و مافی چارەنوس،** کۆمەڵێک وشەن لێرەدا وەک هاوواتا مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، یان **وشەکانی بەغدا، حکومەتی عێراق و برایێن عەرەب** لەهەمان پێگەدا بەکارهاتون.

**6-2- بەهای پەیوەندداریی**

بنەمای پرسیارکردن لەبارەی بەهای پەیوەندیی وشەکان لەلای فێرکلەف، پەیوەستە بەوەی چۆن دەقێک، وشەکان بەپێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربوەکانی، هەڵدەبژێری و چۆن یارمەتی دروستبونی ئەو پەیوەندییە دەدا؟(نورمان فیرکلف: 2016: 160). بۆ نمونە وشەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژی، بەهایەکی ئەزمونیان هەیە، بەڵام بەکارهێنانی مەبەستداریان، لەو دەوروبەرە دیاریکراوەدا، بەهایەکی پەیوەندداری وەردەگرێ.

فێرکلەف پێیوایە بەهۆی وەرگر، ئێرەری گوتار لەهەڵبژاردنی وشەکانیدا ناچارە ، واتە سەرپشکێکی ناچارییە. لێرەدا یوفیمیزم وەک دیاردەیەک دەستنیشان دەکا، ئایا ئێرەری گوتار، یوفیزمەکانی بەکارهێناوە؟

یوفیزم، بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی نیانە لەبری دەستەواژەیەکی توند. لێرەدا بەشداربوانی دەقەکە هۆکاری سەرەکی ئەم بەکارهێنانەن. بۆ نمونە دیارترین نمونەی ئەم دیاردەیە بەکارهێنانی گوزارەی **ماڵ جیاکردنەوە ، ماڵ کردن، جیابونەی دو برایە.** ئێرەر لە وتارەکەی شاری ئاکرێدا بۆ نمونە ئەو دەستەواژانە لە بری وشەی **سەربەخۆیی ، جیابونەوە لە دەوڵەت** و **پارچەکردنی دەوڵەتی عێراق** بەکاردێنی، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی توند و خراپی ئەو وشانە بەسەر بەرامبەردا.

**6-3- بەهای گوزارەیی**

فێرکلەف لەم بڕگەیەدا گرنگی بە وەسفکردنی بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژانە دەدا، کە بۆ وەرگر خاوەن بەهای ئەرێنی یان نەرێنین. بەکارهێنانی ئەو وشانەی لەڕوی شێواز و گوزارشتەوە بەهایان هەیە، کاردەکاتە سەر ڕازیکردنی بەرامبەر. لێرەدا فێرکلەف ئاماژە بەوەش دەکا، کە زۆریی بەکارهێنانی ئەو وشانە ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە چۆن سود لەو تایبەتمەندییە وەردەگری و دەیگوازییەوە بۆ سیستەمی پۆلێنکردنی ئایدیۆلۆژییە دژەکان. واتە چۆن دەتوانی لەڕێگای ئەو دەربڕینە ئەرێنی و نەرێنییانەوە پۆلێنی ئایدیۆلۆژیاکان بکەی، یاخود ڕێگە خۆش بکەی بۆ ئەوەی وەرگر ئەو پۆلێنە بکا.

بۆ نمونە لە وتارەکەی شاری دهۆکدا ئێرەر دەڵێ :

- <u>بەلێ، بەلێ دبێژن ڤەگەڕیێن بۆ سنورێ خۆ، یەعنی سنورێ کوردستانێ، ئەو خەتێ سەوزە. هەی هەی ، ئەم حازر نینە یەک دەقیقەش موناقەشێ ل سەر ڤێ سنورێ بکەین، ...</u>

لێرەدا دەربڕینی هەی هەی گوزارەیەکی نافەرمییە لە گەڵ وتاری دەسەڵاتی سیاسی ناگونجێ، بەڵام ئێرەر بەکاریهێناوە و ئاماژەی حاڵەتێکی دەرونیی دەکا وەک دژە کردەوەی ئەو وتەیە کە بەرامبەرەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن.

**6-4- میتافۆرەکان**

میتافۆر یان خواستن جیا لە دەقە شیعری و گوتارە ئەدەبییەکان، لە ناو گوتاری سیاسیشدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێ، بەتایبەت لە ڕازیکردنی بەرامبەردا. میتافۆر وەرگرتنی سیفەت و سیمای واتایەکی دیکەیە بۆ نواندن و ئاماژەکردن بەو وێنە و واقیعەی دەتەوێ

بیگەیەنیتە بەرامبەر و ڕازیبکەی. ئەوەی لە پرسیارەکانی فێرکلەف گرنگی پێدەدرێ ئەو ئاماژە ئایدیۆلۆژی و سیاسیانەی میتافۆڕەکانن، لەگەڵ ململانێی نێوان میتافۆرە جێگرەوەکان.

فێرکلەف پێیوایە ئەوەی لە باسکردنی میتافۆری ناو دەقەکان گرنگە، پەیوەندی نێوان میتافۆر و جێگرەوەکانیانە، چونکە میتافۆرە جیاوازەکان، لینکی ئایدیۆلۆژی جیاوازیان هەیە (نورمان فیرکلف: 2016: 165). بەو واتایەی، گرنگی بەکارهێنانی میتافۆرەکان لە ناو دەقە سیاسییەکاندا لەوەدایە، کە جیاوازی نێوان میتافۆر و ئەو وەسفە جێگرەوانەی بۆ نواندنی واقیعێک بەکاردێن، دەکرێ ڕۆل لە بەشێکی گرنگی ململانێ ئایدیۆلۆژییەکان ببینن. بۆ نمونە **ماڵ جیاکردنەوە** یەکێکە لەو میتافۆرانەی نێرەر لەوتارەکەی بۆ جەماوەری ئاکرێ پێشکەشکرد، بەکاریهێنا. بەکارهێنانی ئەو وشەیە بۆ نواندنی ئەزمونی نێرەر ئایدیۆلۆژیای ئەو لایەنە دەردەخا:

مە دڤێ بخوشی، برایەتی و تەفاهوم تێکبگەین، بگەینە ئێتیفاقێ و هە برایێت یەکیش بین، جیرانێت باش بین. دو براش وەختێ پێکنەکەن دی مالێ خۆ جوداکەن.

وەرگرتنی سیفەتی ماڵ بۆ وڵات، میتافۆرێکی دروستکردوە، کە لە ململانێیەکی ئاشکرادا دەبێ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیایەکی دژ، کە دابەشبونی خاک و وڵاتی لەلا واقیعە، نەک ماڵ جیاکردنەوە.

**7- لەسەر ئاستی ڕستە:**

**7-1- بەهای ئەزمونی**

فێرکلەف لەو هەنگاوانەی بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی گوتار داناون، لایەنی ئەزمونی ڕستەسازی بەو ڕێگایە دەبەستێتەوە، کە چۆن فۆرمە سینتاکسییەکان، ڕوداو و پەیوەندییەکانی جیهان، کەس و گیاندار و ئەو شتانەی پێیانەوە بەندن، و بارودۆخە شوێنی و کاتییەکەیان و شێوازی ڕودانیان، لە زمانێکی دیاریکراودا، بە کۆد دەکەن(نورمان فیرکلف: 2016: 165)، هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەم کۆدانەش، پەیوەستە بە ئەزمونی نێرەرەوە. دواتر لەڕێگای کۆمەڵێک ئامرازی ترەوە، ڕێگە بۆ شیکەرەوەی گوتار خۆش دەکا بۆ وەسفکردنی گوتارەکە وەک هەنگاوی یەکەمی ڕێبازی گوتار شیکاریی ڕەخنەیی.

**7-1-1- شێوازی نواندی کار و بەشداربوانەکانی:**

کۆمەڵێک کاتیگۆری بەشدارن لە پێکهێنانی ڕۆنانی هەر ڕستەیەک، وەک بکەر، بەرکار و کار. نێرەر وەک بەشداربوی سەرەکی ئاخاوتنێک، کۆی ئەو ڕوداو و بیرۆکانەی هەیەتی و مەبەستییەتی بیگەیەنێتە وەرگر، لەڕیگەی کۆمەڵێک کۆدەوە دەیاننوێنێ. نێرەر سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ئەو کۆدانە، بێگومان واتای ڕستەش بە جۆری ئەو هەڵبژاردنەوە پەیوەستە. کەواتە بە هەڵبژاردنی کۆدی جیاواز، بۆ گەیاندنی واقیعێک، واتای جیاواز لەلایەن وەرگرەوە دروست دەبێ، ئەمەش پێی دەگوترێ شێوازی نواندنی کارەکە.

فێرکلەف، ڕستە بۆ سێ جۆر دابەش دەکا، بەو پێیە کە ئەو سێ جۆر ڕستەیە سێ جۆر کردە دەنوێنن، **کارەکان ( بکەر+ بەرکار + کار)، ڕوداوەکان ( بکەر+ کار) و وەسفکردن ( نیهاد+ گوزارە)،** هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەم سێ جۆر ڕستەیە، پەیوەستە بە مەبەستی نێرەر لە نواندنی وێنەی ڕوداوەکەدا، بۆ نمونە لە ڕستەیەکی جۆری ( بکەر+ بەرکار+ کار) دا:

- دەنگا وە دێ ڕحا شەهیدا شاد کەت
- دەنگا وە دێ دوماهیا ب ئەنفالا هینیت ( وتاری شاری ئاکرێ)

تێبینی دەکەین، **دەنگا وە** لەهەردو ڕستەدا بەشداربویەکی ڕستەکەیە ( مەرج نییە لێرەدا بکەر زیندوبێ) بکەرە، **شاد کەت** لەگەڵ **دوماهیا هینیت** لە هەردو ڕستەدا کاری ڕستەن، **ڕحا شەهیدا** و **ئەنفالا** بەرکار یان کارتێکراوی ڕستەکانن. نێرەر بە مەبەست ئەو شێوازەی هەڵبژاردوە، بۆ ئەوەی گرنگییەک بداتە بکەری ڕستە و بزانێ دەنگی ئەو چەندە گرنگە و دەتوانێ چ کردەیەکی گرنگ بە سەر بەرکارەکانی ڕستەکاندا بهێنێ.

**7-1-2- بکەر ناڕونی/ نادیاری**

ناسنامە، یەکێکە لەو ڕەگەزانەی لەکاتی شیکردنەوەدا زۆر گرنگی پێدەدرێ. چونکە چۆنیەتی مامەڵەکردنی نێرەری گوتار لەگەڵ ناسنامەکانی ناو دەقەکەیدا، بەشێکی دیاری مەبەست و ئایدیۆلۆژیای پشت هەڵبژاردنەکان ئاشکرادەکا. ناڕونیی بکەر وەک ناسنامەیەکی سەرەکیی ناو دەق، جا بەهۆی کرتاندنی بێ، یان بەهۆی شاردنەوە و لێلکردنی بێ، بەها و ئایدیۆلۆژیای لە پشتە. هەندێک جاریش بکەری لۆژیکیی ڕستە دیار نییە، بۆ ئەوەی بۆتە سینتاکسییەکە بەتاڵ نەمێنێ، بە بکەرێکی ڕێزمانی پڕکراوەتەوە. نێرەر لە وتارەکەیدا بۆ جەماوەری شاری ئامێدی دەڵێ:

- نە گوند بومە هێلان
- ئەنفال کرین

لێرەدا ناسنامەی بکەری ئەو کردەوە ناشرینانە، لە ڕستەکەدا نییە. بەڵکو تەنها ئاماژە بە پرۆسەکە دەکا.

بکەر بەشداروبویەکی سەرەکی هەر ڕستەیەکی دروستە، هەبونی لەناو ڕستەدا، کاراکتەری ئەو ڕوداوە ئاشکرا دەکا، کە نێرەر بۆ گوێگری دەگوازێتەوە، بەڵام هەندێک جار ئاخێوەر بە مەبەست، ئەو بەشداربوە دەشارێتەوە، و پاڵنەری ئایدیۆلۆژی لە پشت ئەو شاردنەوە بەدەردەکەوێ. نێرەر لەو وتارەکەی، کە بۆ جەماوەری هەولێر پێشکەشیکرد، دەڵێ:

**...، ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا.**

وەنەبێ نێرەری گوتار، نەزانێ کێ بکەری ئەو ڕستەیەیە، کێیە کە مادەی ١٤٠ی جێبەجێ نەکردوە، بەڵام نایەوێ ئەو بکەرە ناوبێنێ، چونکە ئەوەی ئەو لەلای گرنگە و پێیوایە لەلای جەماوەریش گرنگە، ئەوەیە کە ئەو ماددەیە جێبەجی نەکراوە، ئیدی خودی کەسەکە یان لایەنەکە گرنگ نییە. زۆر جاریش، بەهۆی گرنگ نەبونی بکەر، یان گرنگی پێنەدان و بێ بایەخکردنی، یان بە هۆی کەمکردنەوە، یان هەستیاری بابەتەکە، بکەری ڕستە دەشارێتەوە و بە نادیاری ڕوداوەکە دەگەیەنێتە بەرامبەر.

**7-1-3- ئەرێ و نەرێکردن**

نێرەری هەر دەقیک دەتوانێ و سەرپشکە لە هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەشێوازەکانی ڕستەی ئەرێ یان نەرێ بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی. بەڵام بۆچی نێرەر هانا بۆ شێوازی نەرێ دەبا لە کاتێکدا دەتوانێ بە ڕستەی ئەرێ مەبەستەکەی دەربڕێ؟ فێرکلەف 1989 وەڵامی ئەو پرسیارەە بەوە دەداتەوە، کە نێرەر دەیەوێ بەشێوەیەکی پێشگریمانەیی ناڕەزایەتی خۆی لەگەڵ ئەو دەربڕینە ئەرێنیانە دەربڕێ. ئەو دەربڕینە ئەرێنیانەش بە پێی ئەزمونی، خوێنەر دەتوانێ لە دەقەکانی پێشوتر بیاندۆزێتەوە. هەندێک جار نەرێکردنی ئەو دەربڕینانە دروست دەردەچن، هەندێک جاریش وەکو فێڵێک، یان ئایدیۆلۆژییانە دەردەکەون.

نێرەر لە وتارەکەی شاری هەولێردا دەڵێ :

نە ڕیفراندۆم سنوری کوردستان دەستنیشان دەکات و نە قابیلی قبوڵە ڕۆژێک لە ڕۆژانیش بۆ یەک دەقیقەیش لەبارەی سنوری کوردستان گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەنێک بکەین، لەسەر خەتی سەوز، کە خۆیان پێیدەڵێن.

لەم نمونەیەدا گریمانەی ئەوە هەیە کە دەقی پێشتر ئاماژەی ئەو هەواڵەی تێدایە کە کوردستان سنور دابەش دەکا و نێرەر دەربڕینەکەی خۆی دەقئاوێزانی ئەو هەواڵە دەکا و زانیارییەکانی ڕەتدەکاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیەش گفتوگۆی نێوان ئەو دەقە و دەقەکانی پێشوتری لێدەکەوێتەوە.

**7-2- بەهای پەیوەندداری**

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی ڕۆنانی بەهای پەیوەندداریی ئەو شێوازانەی ڕستەن، کە نێرەر لە گوتارەکەیدا بەکاریاندەهێنێ. بۆ نمونە کامە شێوازی ڕۆنانی ڕستە: **خەبەری، پرسیارکردن، داخوازی یان فەرماندان،** بەکارهاتون؟ چونکە بەکارهێنانی هەر یەک لەو شێوازانە پێگەی تاکەکان دیاریدەکا، لەگەڵ جۆری پەیوەندی نێوانیان. بۆ نمونە :

زور سەیرە، ل دەرەڤە، دۆستێت مە، زور خەلکی دی، دبێن وەخت نییە. (وتاری شاری ئاکرێ)

سەرسوڕمانی نێرەر لەو داوایەی دۆستەکانی لێکەوتەی ناڕەوایی داواکەی لێدەکەوێتەوە و نیشانەی ئەوەیە کە نێرەر لەگەڵ داواکەیان نییە و ڕەتیدەکاتەوە.

یان لە ڕستەی:

گەلێ خوشک و برا، زانن مە دو ڕێکێت ل پێش، یان بندەستی یان سەرخۆبون.

( وتاری شاری دهۆک)

لێرەدا ڕستەکان ڕستەی هەواڵدان یان ڕاگەیاندنن و نێرەر هەواڵێک بە جەماوەر ڕادەگەیەنێ. ئەمەش هەتا ڕادەیەک دەسەڵاتی نێرەر لە گەیاندنی ئەو پەیامانە دەردەخا، چونکە ئەو بڕیاردەری ئەو زانیارییانەیە، دروستی ئەو زانیارییانە تەنیا لەلای نێرەرە.

لە نمونەیەکی دیکەی پەیامەکانی نێرەر لە وتارەکەی شاری سلێمانیدا دەڵێ :

ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستانە، بڕیاری یەک حزب و دو حزب و سێ حزب نییە. بەڵام بۆ ئەم بڕیارە درا؟ ( وتاری شاری سلێمانی)

نێرەر وەک ئەو نمونانەی سەرەوە لە هەمو وتارەکانیدا، ئەو شێوە پرسیارە گریمانەییانە دەکا، بەڵام بۆ ئەوەی هیچ ئەگەرێک بۆ گەڕان بەدوای وەڵامەکانیان لە هزری وەرگردا نەمێنی، نێرەر خۆی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. واتە زانیارییەکانی بە شێوەی پرسیار و وەڵام دەگەیەنێ. هۆکارەکانی بڕیاردان لەسەر ڕیفراندۆم بە شێوەی پرسیار و وەڵام ڕوندەکاتەوە ئەمەش نیشانەی دەسەڵاتی نێرەرە لە ویستی کۆنترۆلکردنی هزری جەماوەرو کۆنترۆڵکردنی وەڵامی ئەو پرسیارە گریمانەییانەیە بەو شێوەیەی خۆی مەبەستیەتی.

لە شوێنێکی دیکەدا کە ئاڕاستەی پرسیارەکەی بۆ عێراقە دەڵێ :

پرسیار. ئەرێ گەلو ئەم جیرانین باش بین و دوستێت ئێک و هەڤکارێت ئێک بین باشترە یان نەخێر ئەم براێن ئێکین و ب زور دێ د ئێک حەوش دا بین و هەمو روژان دێ ب حەفکا ئێک و دو ڤەبین نە ئەو ئیستراحەتێ بکەن و نە ئەم، کی باشترە؟

(وتاری شاری ئامێدی)

لێرەدا جیاواز لە نمونەکانی پێشوتر وەڵامی ئەو پرسیارەی بە کراوەیی بۆ بەرامبەر جێهێشتوە، چونکە شێوازی ئەو پرسیارەی بە شێوازێک داڕشتوە، کە باشترین وەڵام و گونجاوترینیان هەر لە ناو پرسیارەکەدایە. بەشێوەیەک کە بەرامبەر هیچ ئەگەرێکی دیکەی لەبەرامبەردا نامێنێتەوە جگە لەو پێشنیارەی کە نێرەر وەک خاوەن دەسەڵاتێک، بە شێوازی پرسیار پێشکەشیکردوە.

دەسەڵاتی نێرەر بەسەر جەماوەردا بە شێوازێکی دیکەی ڕستەکانی وتارەکانی ڕیفراندۆم دەردەکەوێ. بۆ نمونە لە ڕستە داخوازییەکاندا، جا بە شێوەی فرماندان بێ، یان بە شێوەی داواکردن.

بۆ نمونە لە وتارەکەی شاری سۆراندا دەڵێ:

زۆرێک لە برا عەرەبەکان ئاوارە بون و لە کوردستانن برای ئێمەن، میوانی ئێمەن، ئیحترامیان بگرن ....نابێ بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بدرێ لێرە کاردانەوەیەکی وا نیشان بدرێت. ئەمە نابێت بە هیچ شێوەیەک. ڕەوشتی خۆتان بپارێزن .... دەبێ دین و هەمو مەزهەبێک ئازاد بێت.

بۆ دەربڕینی **ئیحترامیان بگرن، ڕەوشتی خۆتان بپارێزن،** بە شێوازی داواکردن داواکارییەکەی لە جەماوەر دەکا. بەڵام لەو شوێنانەی کە پەیوەستە بە ئاسایش و ئازادیی نەتەوە و ئاینەکان، دەسەڵاتی خۆی دەردەخا و فرمان دەکا کە نابێ لێی لابدەن.

بابەتێکی دیکەی ئەم تەوەرە، تایبەتە بە بەکارهێنانی جێناوە لکاو و سەربەخۆکانی تایبەت بە کەسی یەکەم. بەکارهێنانی ئەو جێناوانەش بەهەمان شێوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوانی نێرەر و وەرگر، یان باشترە بگوترێ ڕوانینی نێرەر بۆ ئەم پەیوەندییە. ئایا پەیوەندییەکە دورە یان نزیک، فەرمییە یان نافەرمی، دەسەڵات تێیدا بنەمایە یان لێکتێگەیشتن. نێرەر چۆن سود لەو جێناوانە وەردەگرێ و چۆن بەکاریاندەهێنێ؟

جێناوی **ئێمە** دیارترین جێناوە کە نێرەر وەک هێز و دەسەڵاتێک پشتی پێ بەستوە و پێگەی بڕیاردانی پێ بەهێز کردوە. بەڵام هەر جارێک و ئەو جێناوە ئاماژەیە بۆ ناسنامەیەکی دیاریکراو. بۆ نمونە :

ئێمە ئامادەین دوای ڕیفراندۆم بکەوینە گفتوگۆیەکی زۆر جدی، زۆر دۆستانە، زۆر ڕاستگۆیانە، لەگەڵ بەغدا. ( وتاری شاری سلێمانی)

لەم نمونەیەدا جێناوی ئێمە ئاماژەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ئاست پێگەی حکومەتی عێراق هاوئاستە و ئامادەی هاوکاری و گفتوگۆن.

بەڵام لەم نمونەی خوارەوەدا ئاماژەی ناسنامەکان گۆڕاوە. لەم ڕستەیەدا ئێمە ئاماژەیە بۆ گەلی کوردستان وەک نەتەوەی کورد کە بڕیاری ڕیفراندۆم دەدا. وەک :

نوکەش خوشک و براێت بەرکەفتی، مە دو رێکێ ل پێش، یان بندەستی یان سەرخۆبون... ( وتاری شاری زاخۆ )

لەم نمونەی خوارەوەشدا جێناوی لکاوی (ین) ئاماژەی بۆ ئەو لایەنەی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی داوا.

باوەڕ ناکەم وە پێویستی ب هەندێ بی، داخازا ل وە بکەین رۆژا ٢٥ی بچن دەنگێ بدەن (وتاری شاری ئاکرێ )

جێناوی سەربەخۆی **ئێوە**ش بەهەمانشێوە زۆر بەکارهاتوە و فێرکلەف پێیوایە بەکارهێنانی هەردو جێناوی من/ئێمە لەگەڵ ئێوە دەرخستەی بەهایەکی پەیوەندییە لە نێوان بەشداربوانی گوتارەکە. هەروەها نیشانەی دابەشکردنی ناسنامەکان بەپێی نزیکی و دوری یان بەپێی دەسەڵاتدارییە. بۆ نمونە کە نێرەر خۆی لەبەرەی گەل داناوە بە هەمو جیاوازییەکانیەوە جێناوی ئێمە بەکاردێنی، دواتر هەمو ئەو ناسنامانەی دژی بڕیاری ڕیفراندۆمن دەکەونە خانەی ئێوە یان ئەوان، واتا بە هەمو جیاوازی و دوری و نزیکییانەوە، بەهۆی دژایەتی بڕیاری ڕیفراندۆم دەکەونە ناو یەک خانەوە لەبەرامبەر نێرەردا.

سەرباری بەکارهێنانی جێناوی **ئێمە**، لە هەندێک شوێندا جێناوی من زەقراوەتەوە. خۆ جیاکردنەوەیە لە ستافی حکومەت، بەستراوەتەوە بەو دەنگۆیانەی داوا لە حکومەت دەکەن یان ئەو داواکاریانەی لە ناو چینی سیاسییەوە داوای دواخستنی بڕیاری ڕیفراندۆم دەکەن، بۆ نمونە :

تازە زۆر درەنگە و کات بۆ ئەو جۆرە قسانە نەماوە..... من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم ( وتاری شاری هەولێر)

**3-7- ئامرازەكانی گەیاندن:**

ئەوەی لەم بابەتەدا گرنگە وەسفكردنی شێوازی پەیوەندی نێوان ڕستەكانە. بەگشتی ڕستەكانی دەقەكە چۆن لێكدراون یان چۆن نێرەر پەیوەندییەكی واتایی یان ڕێزمانی لە نێوانیان دروستكردوە. نێرەر زۆرتر سودی لە كام جۆر ئامراز وەرگرتوە بۆ ڕۆنانی دەقەكەی. جیا لە ڕستە سادەكان دەبێ سەرنج بخرێتە سەر ڕۆنانی ڕستە ئاڵۆزەكانیش، بۆ ئەوەی بزانین چۆن زانیارییەكان لەم ڕستانەدا باركراون و چ كاریگەرییەكی لەسەر ڕازیكردنی بەرامبەر هەیە.

گرنگترین ئەو ئامرازانەی نێرەر سودی لێوەرگرتوە بۆ بەستنەوەی ڕستەكانی ناو وتارەكەی، ئامرازی (بەڵام و چونكە)یە. لەڕێگای ئەو دو ئامرازەوە مەبەستی زۆر گرنگی جێەجێكردوە، بۆ نمونە لە هەمو ئەو شوێنانەی كە باس لە هۆكاری بڕیاردانی ڕیفراندۆم دەكرێ، ئامرازی **چونكە** هۆكارەكان وەک وەڵامێک بە پرسیارەكە دەبەستێتەوە:

بۆیە بڕیاری ڕیفراندۆم درا، چونكە هیچ ڕێگایەكی تر لەبەردەممان نەمایەوە ( وتاری شاری سۆران )

یان كە دەڵێ :

گەلی كوردستان لە دەنگداندا ئەو دەستورەی ڕزگاركرد، ئێمە پێی ڕازی بوین، بەڵام بەغدا ئیلتیزامی پێنەكرد، شەراكەت نەما، دەستور نەما، ماددەی 140ی دەستور جێبەجێ نەكرا، ...( وتاری شاری هەولێر)

لێرەدا جیاوازی لە نێوان دو واقیعی باش و خراپ لەڕێگای ئامرازی **بەڵام** دابەشداكاتە سەر ناسنامەكان، بەشێوەیەک هەمو شتێكی باش بخاتە سەر لایەنی خۆی و هەمو بڕیار و كارێكی خراپیش بخاتە ئەستۆی بەرامبەر. وەک لە وتارەكەی شاری ئامێدیدا دەڵێ :

ئەو كارەساتێن بەری نها بسەرێ هەمو مللەتی هاتین جارەكا دی دوباره نەبنەڤە، ب ئنیەتەكا پاقژ و ب دلەكێ پاقژ چوینە بەغدا... ئەمما پشتی ماوەكێ كێم بومە دەركەفت كو هەمان فەرهەنگ و هەمان عەقلیەتە.

**شێوازەكانی ئاماژەكردنی دەرەوەو ناوەوەی دەق چین؟**

هەر دەقێك كە تێبینی دەكرێ، دەبینرێ لە ڕێگای كۆمەڵێک ئامراز و نیشانەوە بەیەكەوە لكێنراوە. ئەو ئامرازانە ئاماژە بۆ شتانێک، ڕوداوێک یان كەسانێک دەكەن كە لە پێشدا، چ لەناوەوەی دەقەكەو چ لە دەرەوەی دەقەكەدا بونیان هەیە. لەڕێگای ئەم ئامرازانەوە پەیوەندیی و هێلكاریی واتایی دەقەكە بەدەردەكەوێ . فێركلەف جەخت لەسەر گرنگی ئەو ئاماژانە دەكاتەوە لە بەیەكبەستنەوەی ڕستەكان و پیشاندانی ئەو واتایەی نێرەر مەبەستیەتی.

دو جۆر ئاماژە كردن لەناو دەقەكاندا بەدەردەكەون: دەرە ئاماژە و دەقە ئاماژە

دەرە ئاماژە: هەمو ئەو وشە و كەرەستانە دەگرێتەوە كە ئاماژە بۆ دەرەوەی دەقەكە دەكەن، واتە ئەو كەسە، شت یان ڕوداوەی ئامرازەكە ئاماژەی بۆ دەكا، دەكەوێتەوە دەرەوەی دەقەكە .دەقە ئاماژەش هەمو ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە كە بۆ كەرەستەكانی ناو دەق دەگەڕێتەوە ( قەیس كاكل تۆفیق: 2002: 46,48).

ئەو ئامرازانە ڕۆلی گەورەیان لە دروستكردنی پەیوەندی دەقئاوێزانیدا هەیە، چونكە ئاماژە بۆ بونی كەرەسەی دیكەی ناو دەقەكە یان دەرەوەی دەقەكە دەكەن. هەندێک جار ئاماژەكردنەكە بۆ كەرەسەی دەرەوەی دەقە بەڵام بەپێی دەوروبەری دەقەكە ئەو كەرەسەیە ڕوندەبێتەوە، بەڵام هەندێک جار شاراوەیە و تەنانەت لە دەوروبەری دەقەكەش ئاشكرا نابێ و لە ڕێگای گریمانكردنەوە لێكەوتە و ئاماژەكردنەكە بە نزیكەیی ڕوندەبێتەوە.

جێناوەكان و ئامرازەكانی نیشانە دیارترین ئەو ئامرازانەن كە ئاماژەی نێو دەقی پێ جێبەجێدەكرێ. بۆ نمونە نێرەری وتارەكانی بانگەشەی ڕیفراندۆم لە شاری سلێمانیدا دەڵێ :

... لە دیباجەی دەستورەكەیاندا هاتوە ( ان الالتزام بالدستور یحفظ للعراق اتحاده الحر ) (وتاری شاری سلێمانی)

لێرەدا جێناوی لكاوی **یان** بەكارهاتوە و ئەگەر كەمێک بگەڕێینەوە پێش بەكارهێنانی ئەو جێناوە، وشەی بەغدا هەیە، ئەو ئاماژە بۆكراوەیە كە جێناوە لكاوەكە ئاماژەی بۆ دەكا.

بەڵام بەغدا كێیە؟ چونكە لە هەمان وتاردا دەڵێ:

ئێمە دوای 2003 بە ئارەزوی خۆمان چوینەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی عێراقێكی فیدرالی دیمۆكراتی، دەوڵەتێكی مەدەنی دروست بكەین، بەڵام بەداخەوە، هیچ ئیلتیزامێكیان بەو هەمو ڕێكەوتنانە نەكرد.

لێرەدا وەرگر بۆ دەرخستنی ئاماژە بۆكراوەكەی جێناوی لكاوی یانی بۆ بەكارهاتوە، ناچارە بگەڕێتەوە دەرەوەی دەقەكەو لە دەوروبەرەوە ئەو زانیارییە بەدەست بخا، نەک لەناو دەقەكە.

بەڵام لە هەندێک نمونەدا بەکارهێنانی ئەو ئاماژانە لێڵتر دەبێ و وەرگر بە ئاسانی و تەنانەت لە دەوروبەری دەقەکەش ناتوانێ بەو ئاماژەبۆکراوە بگا. بۆ نمونە نێرەر لە وتارەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکا کە دەیانەوێ دژایەتی ئیرادەی گەلی کوردستان بکەن، ئاماژەکە بە شێوەیەکە کە ناسنامەی ئاماژەبۆکراوی لێڵکردوە و وەرگر بە ئاسانی ئاشکرای ناکا :

ئەمما گەر کەسەکی بیێتن خو تەجروبە بکەتن و ب زۆر ئیرادا میللەتێ کورد بشکینی، ئەڤە مەیدان بلا خو تەجروبە بکە ( وتاری شاری ئاکرێ)

**8- لەسەر ئاستی ڕۆنانی دەقدا**

**1-8- نەریتەکانی کارلێککردن**

لەم بابەتەدا پەیوەندی نێوان بەشداربوانی گوتار بەدەردەکەوێ و فێرکلەف بە بەهای پەیوەندارییەوە دەیبەستێتەوە. چونکە لێرەدا پەیوەندی نزیکی و دوری، فەرمی و نافەرمی یان دەسەڵاتی بەشداربوەکان، ڕۆل لە پێدانی نۆرەی ئاخاوتن دەگێرن.

لەم وتارانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون، هیچ کامیان ڕۆلی ئاخاوتنیان تێدا ئاڵوگۆڕ ناکرێ. بەهۆی ئەوەی وتارەکان بە ڕاستەوخۆ و لە بەرامبەر جەماوەری بەرفراوانی شارەکان پێشکەش دەکرێن، بۆیە هیچ نۆرەگرتن و گواستنەوەی نۆرەی ئاخاوتنی تێدانییە. تەنها نێرەری وتارەکان پەیامەکەی دەنێرێ و جەماوەریش وەرگرە، بەبێ ئەوەی هیچ کامیان پێشبینی و چاوەڕوانی گواستنەوەی نۆرەی ئاخاوتنیان هەبێ. تەنها لەو شوێنانەی نێرەر ئاماژە بۆ جەماوەر دەنێرێ بۆ ئەوەی دروشمێک بڵێنەوە. ئەمەش بەتەواوی دەسەڵاتی نێرەر دەردەخا بەسەر وەرگردا.

**2-8- ڕۆنانی دەق**

ڕۆنانی دەق یان نەخشەی دەق، چۆنیەتی داڕشتن و دابەشکردنی بابەتاکانی گوتارە لەو چوارچێوەیەی بۆی دیاریکراوە. فێرکلەف پێیوایە بەهای ئەزمونی کاردەکاتە سەر پلان و چۆنیەتی داڕشتن و بونیاتنانی دەق. نێرەر بە پێی ویست و ئامانج و ئەزمونی خۆی و بەپێی گرنگی بابەتەکان بەلایەوە ئەو ڕۆنانە دادەڕێژێ، بەشێوەیەک کە ڕیزکردنی ڕوداوەکان، هۆکارەکان و ئەنجامەکانی بۆ نمونە ببێتە نەخشە ڕێگایەک کە وەرگر پێشبینی ئەو جۆرە ڕۆنانە بکا.

بۆ نمونە لەو وتارانەی بۆ شیکردنەوە وەرگیراون، بەگشتی هەموویان لەسەر یەک نەخشە رێگا داڕێژراون و یەک ڕۆنان و پلانیان هەیە، بەشێوەیەک لەگەڵ ئامانجی نێرەر بگونجێ.

بەگشتی ڕۆنانی وتارەکان لێک نزیکن، بەڵام لە وردەکاری ناو بابەتەکاندا، هەندێکیان جیاوازن. ئەمەش بۆ ئەو ڕوداوو پێشهاتانە دەگەڕێتەوە، کە لە دەوروبەری وتارەکاندا لەگەڵ دەقی گوتارەکە کارلێک دەکەن و کار دەکەنە سەر هەڵبژاردنەکانی نێرەر.

وتارەکان سەرەتا بە سڵاو و ستایشی ئامادەبوان یان جەماوەری ئەو ناوچانەی بەشداریان لە کەرنەڤاڵەکان کردوە، دەست پێدەکا. بەڵام شێوازەکەی بە پێی شوێنەکان و ئەزمونی نێرەر لەگەڵ ئەو ناوچانە یان جەماوەرەکەی، گۆڕانکاری بەسەر دادێ. واتا بۆ هەر یەک لە ناوچەکان سڵاو و ستایشی جیاواز دەبینرێ.

دواتر یەکەم بابەت کە بۆ نێرەر گرنگە ڕونیکاتەوە و لە هەمو وتارەکاندا سەرەکیترین بابەتە، هۆکاری بڕیاردانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە. ئەو ڕوداوانەی بونەتە هۆی ئەوەی ئەو بڕیارە بدرێ. بۆ نمونە لە وتارەکەی هەولێردا دەڵێ:

ڕەنگە زۆر کەس ئەو پرسیارە بکەن، بۆ گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی دا؟

لەهەمو وتارەکان ئەو پرسیارە بە شێوازی جیاواز و لەسەر زاری جەماوەر یان خەڵکی دیکە بە گریمانەیی ئاڕاستە کراوە. دواتر بە هێنانەوەی نمونە و هۆکار و ڕوداوی جیاواز و تا ڕادەیەک لەیەکتر نزیک، وەڵامی ئەو پرسیارە دراوەتەوە. بۆ نمونە لە وتارەکەی سۆراندا دەڵێ :

بڕیاری ڕیفراندۆم درا، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکە لەبەردەممان نەمایەوە. هەمو ڕێگاکانمان تاقیکردەوە، لە لامەرکەزی بگرە تا دەگاتە ئۆتۆنۆمی و فیدڕالی، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ فەرهەنگێک ڕوبەڕوبوینەوە کە بڕوای بە هیچ یەکێک لەمانە نەبو.

بڕگەی دواتری وتارەکان باسکردنی ئەو ناسنامە و کەسایەتییانەیە کە نێرەر وەک دژبەری ئەو بڕیارەی گەلی کورد دەستنیشانی کردون. بەشێکیان دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمن و بەشێکیان کێشەیان لەگەڵ کاتی ئەنجامدانیەتی. نێرەر ڕەخنەیان لێدەگرێ و بەهانەی نارەزایەتییەکەیان دەبڕێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕۆنانی گوتارەکاندا، بابەتێکی دیکەی گرنگ هەیە کە نێرەر لە هەمو وتارەکانیدا زەقی دەکاتەوە، ئەویش پلان و مەبەستی دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە. لەلای گرنە بۆ وەگر باسی پێشبینیەکانی دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکا. بۆ نمونە لە وتارەکەی شاری سۆراندا دەڵێ :

شێوەی دەوڵەتی داهاتوی کوردستان. تەبعەن ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئەو لیژنەیەی کە دادەنرێ بۆ دەستوری دەوڵەت. بەڵام ئەوەی کە پێشنیار کراوە، دەبێ دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراتی پەرلەمانی مەدەنی بێت، مافی هەمو پێکهاتەکانی ئاینی و نەتەوەیی پارێزراو بیت.

ئەوە ئەو وێنەیەیە کە نێرەر بۆ دوای ڕیفراندۆم پێشبینی کردوە و ڕونکردنەوەی گرنگە بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی وەرگر بە کورد و نەتەوەکانی دیکەوە.

کۆتایی وتارەکان بە سڵاو و ستایشی جەماوەر و پێشمەرگە قارەمانەکان کۆتایی دێ. بەڵام وەک ئەوەی ئاماژەشی پێکرا، لە هەندێ وتاردا وردەکاری ڕوداوەکان جیاوازترن، یان هەندێکیان وردتر چوەتە ناو وردەکارییەکان. یان دەکرێ لە شوێنێ هانی خەڵکی بۆ دەنگدان تێدابێ، یان ستایش و ڕاسپاردەی تێدابێ. ئەگەر نا بە گشتی وتارەکان هەمویان بە شێوازێک ڕێکخراون کە هەر لە پلان و ڕۆنانەکەیاندا وەرگر پێشبینی دەکا و دەناسرێنەوە.

### ئەنجام :

1- نێرەر توانیویەتی سود لە بەها ئەزمونییەکان وەک سەرچاوەیەکی مەعریفی ، بۆ دەستنیشانکردنی وشە، دەستەواژە و یاسا سینتاکسییەکان و بەکارهێنانیان لە شوێنی گونجاودا وەربگرێ. هەروەها توانیویەتی لەڕێگای میتافۆر و پەیوەندییە واتاییەکانەوە ناسنامەکانی ناو وتارەکەی بە شێوەیەکی مەبەستدار پۆلێن بکا. ئەمەش وایکردوە گوتارەکە نزیک بێ لە سەرچاوەی مەعریفی ئەو وەرگرانەی گوتارەکەیان ئاڕاستەکراوە.

2- هەرچەندە نێرەر وەک نوێنەری ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم وتار پێشکەشدەکا، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە ئەزمونە کەسییەکان بپارێزێ. بۆیە دەبینرێ لە هەندێک شوێندا بابەتی کەسیی و ئەزمونی تاکەکەسی بە بەکارهێنانی جێناوەکانەوە دیارە، بوەتە سەرچاوەی هەڵبژاردنی فۆڕمە زمانییەکان و گوتارەکە لە بری ئەوەی وەک بەرهەمی کۆی ئەنجومەنی باڵای ریفرندۆم دەربکەوێ، وەک بەرهەمی تاکە کەسێک دەرکەوتوە.

3- بەهۆی ڕەچاوکردنی بەهای پەیوەندارییەوە، نێرەر نەیتوانیوە پێناسەی چەمکەکان بە چەسپاوی بهێڵتەوە و بە پێی گۆڕانی وەرگرەکان، پێناسەی چەمکەکانیش دەگۆڕێ. وەک بەکارهێنانی ماڵ جیاکردنەوە، سەربەخۆیی و ماڵکردن بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم. هەروەها بەوهۆکارەشەوە، زۆرجار ناڕونی و لێڵی بە ناسنامەکانەوە دیارە. ئەمەش وایکردوە گوتارەکە لە زۆر شوێندا چەمکی دژیەکی هەڵبگرێ.

4- لە ڕۆنانی دەقیی وتارەکاندا ڕێکی و گونجانی نەخشە و پلانی بابەتەکان بەدیدەکرێ، چونکە نێرەر توانیویەتی ڕۆنانی دەقەکانی گوتاری ڕیفراندۆم بە گشتی دابەشی سەر دو تەوەرە بکا، بەشێوەیەک تەوەرەیەکیان تایبەت بێ بە ڕابوردو و بەو کێشە، ڕوداو و بڕیارانەی هۆکار بون بۆ گەیشتن بە بڕیاری ڕیفراندۆم. هەروەها تەوەرەی دوەمی باسکردن بێ لە ئێستا و داهاتو و بەرچاوڕونیی وەرگر بۆ دوای ڕیفراندۆم.

### سەرچاوەکان


1. قەیس کاکل تۆفیق،2002، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سالاحەدین، هەولێر.
2. باتريك شارودو، دومينيك منغنو، 2008، معجم تحليل الخطاب، ترجمة: عبدالقادر المهيري، حمادي صمود، منشورات دار سيناترا، المركز الوطني للترجمة، تونس.
3. جمعان بن عبدالكريم، 2016، من تحليل الخطاب الى تحليل الخطاب النقدي: مناهج ونظريات، الطبعة الاولى، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان.
4. ميشيل فوكو، ___، نظام الخطاب، ترجمة: محمد سبيلا(د.)، التنوير.
5. نورمان فاركلوف، 2009، تحليل الخطاب: التحليل النصي في البحث الاجتماعي، ترجمة: طلال وهبه، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
6. نورمان فيركلف، 2016، اللغة والسلطة، ترجمة: محمد عناني، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
7. Gee, J. P. (2013) An Introduction to Discourse Analysis: Theory and Method, 3rd Edition, Routledge, New York and London.


#### داتاکانی توێژینەوە

1. وتاری شاری ئاکرێ، 2017/9/13 ، https://www.youtube.com/watch?v=Gx72Fl6g8zM
2. وتاری شاری زاخۆ ، 2017/9/14 ، https://www.youtube.com/watch?v=YKYW8wpiHHs

3. وتاری شاری ئامێدی، 2017/9/15 ، https://www.youtube.com/watch?v=zYMpcGltUGE
4. وتاری شاری دهۆک، 2017/9/16 ، https://www.youtube.com/watch?v=3t32sV-FuDQ
5. وتاری شاری سۆران، 2017/9/19، https://www.youtube.com/watch?v=fKX458w3goc
6. وتاری شاری سلێمانی، 2017/9/20 ، https://www.youtube.com/watch?v=DUBWlAc6UdU
7. وتاری شاری هەولێر، 2017/9/22 ، https://www.youtube.com/watch?v=DUBWlAc6UdU


## تحليل وصفي للخطاب السياسي الكوردي
## خطاب الاستفتاء انموذجا


**سروه فيصل عزيز**
جامعة سوران/ فاكلتي اداب- قسم الكوردي
Srwe.faisal@gmail.com

**ديار علي كمال**
جامغة بكين/ سكول اللغات الاجنبية
darya80s@gmail.com



**ملخص**

هذا البحث بعنوان "تحليل وصفي للخطاب السياسي الكوردي، خطاب الاستفتاء انموذجا". إنها محاولة لتحليل خطاب الاستفتاء وصفيًا. هذا الموع من التحليل هو أحد مستويات منهج التحليل النقدي للخطاب. في هذا البحث ، لقد أخذ الخطاب السياسي نموذجا للتحليل، لأن الخطاب السياسي هو نوع من الخطاب الذي يكون فيه الصراع بين السلطة والمجتمع قمة مواضيعه و نظمه ، وهذا هو الهدف من تحليل الخطاب النقدي. في البحث و مع التركيز على الأسئلة الرئيسية للتحليل الوصفي التي طورها نورمان فيركلاف كاستراتيجية للتحليل الوصفي للخطاب ، يتم تحليل خطاب الاستفتاء بشكل وصفي. يعرّف البحث الخطاب على أنه ممارسة اجتماعية ويعتمد على آراء فيركلاف من أجل تحديد إطاره النظري.


**الكلمات المفتاحية:** الخطاب ، تحليل الخطاب النقدي ، الاستفتاء ، الخطاب السياسي.

## A descriptive Analysis of Kurdish Political Discourse
## With Reference to Referendum Discourse


**Srwa Faisal Azeez**
Kurdish Department-Faculty Of arts/ Soran University
Srwa.faisal@gmail.com

**Dyar Ali Kamal**
School of Foreign languages/ Peking University
darya80s@gmail.com



**Abstract**

This research is entitled "A descriptive Analysis of Kurdish Political Discourse, with Reference to Referendum Discourse". It is an attempt to descriptively analyze the referendum discourse. This analysis is one of the levels of critical discourse analysis method for analyzing discourse. In this research, Political discourse is taken because political discourse is a type of discourse in which the conflict between Authority and Society is crystalline, and this is the aim of critical discourse analysis. In the current research, with focusing on the main questions of descriptive analysis which have been developed by Fairclough as the strategy of discourse descriptive analysis, referendum discourse is descriptively analyzed. The research defines discourse as a social activity and relies on Fairclough's views in order to determine its theoretical framework.


**Keywords:** Discourse, Critical Discourse Analysis, Referendum, Political Discourse.